# پرسیار و گەڕان بەدوای شوناسدا

# دیمانەیەک لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار "هێرۆ شێخە"دا

سازدانی: ڕۆزا شێخانی



٧ی تشرینی دووەم، ٢٠٢١   شێوەکاری

**بەرایی**

هونەرمەندی شـــێوەکار "هێرۆ شـــیخە" لە ســـاڵی ١٩٩١ لە شـــاری شـــنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردســـــتان لەدایک بووە. هەتا تەمەنی حەڤدە ســـــاڵی هەر لە

شـاری شـنۆ ژیاوە. دوای خوێندن لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بۆ ماوەی دوو سـاڵ لەگەڵ بنەماڵەکەی دێنە بۆ باشـووری کوردسـتان و لە سـاڵی ٢٠٠٨ەوە لە هەولێر دەژیت. هەر ئەو سـاڵە لە بەشـی شـێوەکاریی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سـەلاحەدین وەرگیراوە و درێژەی بە خوێندن داوە. هێرۆ شـێخە پاش تەواکردنی زانکۆ دوو پیشـانگای تایبەتی لە سـاڵی ٢٠١٣، پێشـانگای دووەمیشی ساڵی ٢٠١٤ کردووەتەوە. هەروەها بەشداری لە چەندین پێشـانگای هاوبەش کردووە. شـێوەکار شـێخە ئیستا خوێندکاری ماستەرە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان.

بۆ قسـەکردن لەسـەر ئەزموونی خۆی وەک هونەرمەندێکی شـێوەکار و هونەری شـێوەکاریی بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی و بەپیشـەییبوونی هونەری شێوەکاری و، هەروەها پرسی ژن لە هونەردا و لە تابلۆکانی هێرۆ شـێخەدا و هونەری فێمینیسـتی و پێوەندیی سیاسـەت و هونەر و چەندین پرسی دیکە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار "هێرۆ شێخە"دا سـاز داوە. هەروەها لەگەڵ وڵامەکانیدا چەندین تابلۆی خودی هێرۆ بڵاو دەکەینەوە.



ڕۆژنامە، ڕەنگی ڕۆن و تێخ لەسەر فرێن، ٢٠١٦، ١٠٠ بە ١٠٠

# دەستپێکی هێرۆ

دەستپێکی کاری نیگارکێشانم دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی ناوەندی لە قوتابخانە. لە پۆلی سێی ناوەندی مامۆستای وانەی هونەر ڕۆژێکیان بانگی کردمە لای مێزەکەی خۆی و وێڕایی هەڵدانەوەی پەڕەکانی دەفتەری نیگارەکانم وتی "دەزانی نەقاشـی(نیگارکێشـان)ت زۆر باشـە. بۆچی ناچی لە هونەرسـتان نەقاشـی بخوێنی؟" منیش کە تا ئەوکات قەت بیرم لەوە نەکردبووەو بە خەیاڵمدا نەهاتبوو، هەر نەشـمدەزانی هونەرسـتان لە شـارەکەمدا هەیە. هەمیشە لاساییی هاوپۆلییەکانم کردبووەوە کە لێیان دەپرسین دەتهەوێ لە داهاتوودا چی بخوێنی و چ پیشـەیەکت پێ خۆشـە هەر جارەو بە جۆرێک وەڵامم دەدانەوە. جارێک دەبوومە مامۆسـتا، جارێک دکتۆر، جارێک ئەندازیار، ئەگەرچی لەو قۆناغەدا بۆم دەرکەوتبوو زیاترین چێژ لە وانەی هونەر وەردەگرم. ساڵی دواتر کە چوومە قۆناغی دواناوەندی وانەی هونەر لە خشـتەی وانەکان هەڵگیرابوو، بەڵام من هەر لە نیگارکێشـان بەردەوام بووم. لەبەر ئەوەی کەسێکی گۆشەگیر و هەر لە سـەردەمی منداڵییەوە بێ هاوڕێ بووم ئەوەم بە باشترین هاودەم دەزانی. دەچووم لە کتێبخانە کتێبی هێڵکاریم وەردەگرت و هێڵکارییەکانیم کۆپی دەکرد. ئەمە بوو بە سـەرەتا و بناغەی کارکردنم بە شـێوازێکی ئاکادیمی و ڕیالیسـتییانە بێ ئەوەی هیچ لەبارەی هونەر و ڕێبازە هونەرییەکان بزانم. بۆ سـاڵی دوای ئەوە کە دەبووایە لەنێوان خوێندن لە بەشـی زانسـتی و ئەدەبی یەکێکیان هەڵبژێرم، سـەرەڕای ئەوەی زۆر کەس پێیان باش نەبوو بچمە پەیمانگای هونەر و پێیان وابوو بەم هەڵبژاردنە هەڵەیە داهاتووی خۆم تێک دەدەم، بەڵام من

هەر بە قســـەی خۆمم کرد و چوومە پەیمـانگـای هونەر و لە بەشـــی بیگارکێشان دەستم بە خوێندن کرد.





ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس، ٢٠١٣، ٨٠ بە ١٠٠ \ ڕەنگی ڕۆنی و برین پێچ لەسەر کانڤاس، ٢٠١٤، ٨٠ بە ١٠٠

لە قۆناغی پەیمانگا لەو ئەرکانەی مامۆســتاکان پێیان دەداین وەک هێڵکاری و ناســینی ڕەنگ و تەکنیکەکان، لەبەر ئەوەی بە خۆشــەویســتییەوە کارم دەکرد بەرهەمەکـانم هەم بۆ مـامۆســـتـاکـان و هەم بۆ ئەو کەســـانەی لەدەرەوەی پەیمانگا کارەکانیان دەدیتم جێی ســـەرنج بوون. لە لایەک زۆر کەیفم بە خۆم دەهات کە دیمەنێکی ســروشــت، ســروشــتێکی بێگیان یان پۆرتریێتێکم دەکیشـــاوە و دەیانگوت ئافەرین زۆر وەک خۆی دەچێت، لە لایەکیشەوە بەرەبەرە گومانی ئەوەم لا دروست دەبوو ئاخۆ بە کۆپیکردن و کاری ڕیاڵ دەمهەوێ بە کوێ بگەم. دوای دوو ســـاڵ خوێندنی پەیمانگا لە شاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتمە باشوور و لە هەولێر لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان وەرگیرام. لێرە کەوتمە ناو دنیایەکی تەواو جیاواز. ئەو مەدرەســـە و شــێوازە هونەرییانەی لە پەیمانگا تەنیا لەنێو کتێبی مێژووی هونەردا بەسـانایی باسـیان کرابوو و خوێندبووم لێرە بە شـێوەی پراکتیکی

کارم لەسەر کردن. هەوڵم دا زیاتر مەدرەسە و شێوازە جیاوازەکان بناسم و تاقیان بکەمەوە. کۆلێژ کە لە چاو پەیمانگا دنیایەکی ڕەنگاوڕەنگتر بوو هەروەها خۆشم هەوڵم دەدا زیاتر لە هونەر تێبگەم، وردە وردە و لەگەل تاقیکردنەوەی شێوازی نوێ زیاتر خۆم ناسی و سەربەستتر و بوێرانەتر خەریکی ئەزموون و خەتا بووم. ئەو ساڵانەی لە کۆلێژ بووم بۆم دەرکەوت شێوازی کارکردنی ئیکپرێشنیستەکان زۆر لە کەسایەتی و ڕۆحیەتی من نزیکە. من کەسێکی شەرمن و کەمدوو بووم، بەڵام زۆرم لە دڵدا بوو بۆ گوتن، ئەم شێوازی دربڕینە دەرفەتی پێدام بەوپەڕی ئازادییەوە خۆم و هەست و هزرم وێنا بکەم. چوار ساڵی کۆلێژیش تێپەڕی. ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو خۆم بم. دەستم کرد بە کەڵک وەرگرتن لە نیکارکێشان وەک ئامرازێکی خۆدەربڕین. وەک کچێک کە لە بارودۆخی ژیانی خۆم و ڕوانینی کۆمەڵگا بۆ ژن ناڕازی بووم، دەمهەویست بێزاربوونم لە ناحەزییەکانی ژیان و مرۆڤ دەرببڕم. بە پشتگوێ خستنی هەموو یاسا و ڕێسا ئاکادمییەکان تەنیا دەمویست ئەوەی لە دڵم دایە دەریببڕم.

لەدوای ئەم کارانە ماوەی دوو ساڵێک زۆر کەم کارم کرد. لە ماوەی ئەو دابڕانەدا بەوە گەیشتم بەبێ نیگارکێشان بوونێکی ناتەواوم. لەوە تێگەیشتنم تەنیا هونەر دەتوانێت مانا بدات بە ژیانم و ناخی شڵەژاوم ئارام بکاتەوە. دەستم کردەوە بە وێنەکێشان بەڵام ئەم جارەیان تەنیا بۆ دەربڕینی ئازار و ناڕەزایەتی دەربرین نەبوو. ئەمجارەیان لە جیاتیی ئەوەی مەبەستی سەرەکیم بینەر بێت و بمهەوێت پەیوەندیی لەگەڵ بەردەنگ دروست بکەم، خۆم بوومە بەردەنگی یەکەم و هەرچی لەو کۆتاییانەدا کێشاومەتەوە تەنیا و تەنیا بۆ زیاتر نزیک بوونەوە لە خودی خۆم و لێکۆڵینەوە لە شوناسی خۆمە. ئەگەر هەڵە نەبم هەست دەکەم بەرهەمەکانم زیاتر

ئیگزیستانسیالیستین. ئیدی بۆم گرینگ نییە بینەر لە پێش تابلۆکەم بوەستێت و بە نیگایەکی پڕپرسیارو زۆر جار بە تەوسەوە بڵێت "جا باشە ئەوە چییە؟! ئەوە یانی چی؟!"، زۆر هاوڕێ پێیان وایە لە ئاست بەرهەمەکانم کەمتەرخەمم و پێشنیار دەکەن کارەکانم لە وڵاتانی ڕۆژاوا پێشان بدەم بۆ ئەوەی بینەری زیاترم هەبێت. بەڵام ئێستا زۆر بوونی ژمارەی بینەر بە لامەوە گرینگ نییە. گرینگ ئەوەیە بە ئاستێک گەیشتووم تا ڕادیەکی زۆر سەربەستانە ئەوەی بۆ خۆشم زۆر جار نازانم چییە وێنا بکەم.



وێنەی پرینت کراو و ڕەنگی رۆنی لەسەر کانڤاس، ٢٠١٣، ٦٠ بە ٩٠ \



وێنەی پرینت کراو، خۆڵ و ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس، ٢٠١٣، ٨٠ بە ١٣٠

## ئیگزیستانسیالیستی و هونەر

لەو ڕووەوە کە بەرهەمەکانم هەوڵی وێناکردنی ئەزموونە تاکەکەسییەکانم دەدەن و لەم قۆناغەدا مەبەستم وردبوونەوە لە شوناس و کەسایەتیی خۆمە، پێم وایە بوونگەران لەبەر ئەوەی لەم شێوازی بیرکردنەوەیەدا جەخت لەسەر شیکردنەوەی خود و خۆناسین لە دنیابینییەکدا دەکرێت کە ناسینی ئاستەمە.

لە بەرهەمە هونەرییەکانی بوونگەراکان‌دا بابەتە سەرەکییەکان بریتیین لە خۆف، دڵەراوکێ، نامۆیی، وەرەسی، پێشاندانی بێهۆبوون و بێمانابوونی ژیان و بوونی بۆشایی لە وجودی مرۆڤدا و هەروەها پێگەی تاک لە جیهاندا. ئەم مژارانە لە بەرهەمی شێوەکاران بۆ نموونە فریدا کالۆ، فرانسس بێیکن، ئامێدیۆ مۆدیلیانی و ئالبێرتۆ جاکۆمێتی‌دا ڕوون و ئاشکران.


ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس، ٢٠١٥، ٥٠ بە ١٠٠

\


ڕەنگی ئەکریلیک لەسەر کارتۆن، ٢٠١٩، ٣٠ بە ٥٠

## ژن له بەرهەمەکانیدا

هەر بەپێی ئەم بۆچوونانەی پێشتر باسم کردن، ژن لە تابلۆکانمدا خەریکی وردبوونەوە لە خۆی و پرسیارکردن سەبارەت بە بوون و پێگەی خۆی لەم جهانەدایە. واتە بەدوای پێناسەکردنی ژندا نیم. وەک ژنێک کە لەناو ئەم کۆمەڵگەیەدا گەشەم کردووە، هەموو کات بە هەستیارییەوە لە کاریگەرییەکانی لەسەر ژیان و کەسایەتیی ژن ڕوانیومە. پێم وایە نەک هەر ژنان بەڵکوو مرۆڤ بەگشتی سەرەڕای پێشکەوتن و داهێنانەکانی، لە ڕووی ڕۆحی و کەسێتییەوە زیاتر و زیاتر تووشی سەرلێشێوان دەبێت. هەر لەبەر ئەمەشە کارەساتەکان زیاتر و زیاتر دەبن. هەموو کات ئەو کارەساتانە کە زیاتر کاریگەرییان لەسەر ژنان هەیە، لە کارەکانمدا ڕەنگ دەدەنەوە. بەڵام من لەجیاتیی ئەوەی لە فۆڕمی هونەری نارەزایەتیی دەربڕین کەڵک وەرگرم یان بمهەوێت ژن تەنیا وەک بوونەوەرێکی پاسیڤ و ماف زەوتکراو وێنا بکەم، زیاتر بیرم بۆ لای هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەم ڕووداو و کارەساتانە دەچێت. لەوانەیە بەوە بڵێن ڕەشبینی بەڵام لەبەر ئەوەی گەشەکردنی ڕۆحی و کەسایەتیی مرۆڤ بەلامەوە زۆر لە پێشکەوتن لەهەر بوارێکی دیکەدا گرینگترە، ئاکار و کردارە نەرێنییەکان زیاتر سەرنجم ڕادەکێشن.

ژن لە تابلۆکانمدا، جگە لە چەند تابلۆیەک هاوار ناکەن، لەبەر ئەوەی گومانیان هەیە بتوانن تەنیا بە هاوارکردن خۆیان ڕزگار بکەن و گۆڕانێک دروست بکەن. ئەو ژنانە هەندێک کات نیگایەکی تاساویان هەیە، هەندێک جار بە گومانەوە لە بینەر دەڕوانن، هەندێک جار بە بێزارییەوە، جاری وا هەیە چاوەکان پڕپرسیارن، یان لە نەهامەتییە دووبارەکان ماندوو بوونە و چاوی دیتنیان نییە و لەنێوان هیوابڕاوی و گەشبینیدا ماونەتەوە. لەگەڵ ئەمانەدا بوونی خۆم و پرسیارەکانم سەرەکیترین بابەتی تابلۆکانمە. لە

دوای کێشـــانەوەی هەر تابلۆیەک زیاتر لە خۆم تێدەگەم. واتە دەتوانم بڵێم نیگارەکانم فانتازیا نین و ڕەگ و ڕیشـــەیان لە واقیعدایە، بەڵام بابەتەکان بە فیلتەری تێگەیشـتن و بەکگراوندی پەروەردەی هونەری و فیکریی مندا وەک تاکێک تێدەپەڕن و دووبارە وێنا دەکرێنەوە.



ڕەنگی ئەکریلیک لەسەر کانڤاس، ٢٠١٦، ٧٠ بە ١٢٠ \



ڕەنگی ئەکریلیک لەسەر کانڤاس، ٢٠٢٠، ٤٠ بە ٦٠

## ماتریاڵی مەعنەوی

ســـەبارەت بە کارەکانی خۆم نازانم هۆگریم بۆ بەرهەمی ئەم هونەرمەندانە بووەتە هۆکاری ئەوەی لەســەر ئەم شـێوازە و نیگار بکێشـم و ئەم بابەتانە ببن بە ماتڕیاڵی مەعنەوی بەرهەمەکانم، یان هەر تایبەتمەندیی کەســـێتیمە هـانم دەدات بەم شـــێوەیە خۆم وێنـا بکەم. بەڵام لەوە دڵنیـام هەڵبژاردنی

فۆرمی کارەکانم بە ئەنقەســـــت و بۆ لاســـــاییکردنەوەی ئەم هونەرمەندانە نەبووە و نازانم تا کەی لەســــەر ئەم فۆرم و شــــێوازە هونەرییە بەردەوام دەبم لەبەر ئەوەی مێشــــک و هزری هەزار بە هەزارم هەر ڕۆژە و داوای جۆرێک دەربڕینم لێ دەکات. تا ئێستا چەندین جار بڕیارم داوە ئیدی لەسەر ئەم فۆڕمە بەردەوام دەبم بەڵام دوای کێشــانەوەی چەند تابلۆیەک هەســـت دەکەم خەریکە بەربەســـــت بۆ خۆم دادەنێم، بۆیە فۆڕمەکە دەگۆڕێت بەڵام ناوەڕۆک یان مەتڕیالی مەعنەوی هەمان شتە و دووبارە دەبێتەوە.


ڕەنگی ئەکریلیک لەسەر کانڤاس، ٢٠١٧، ٧٠ بە ١٢٠

**هاودەمی ماسی و ژن لە کۆمەڵەبەرهەمێکدا**

لەمێژ بوو بیرم ســەرقاڵی ژیانی ئەو ژنانە بوو بۆ پارســتنی گیان و ژیانیان هـانـایـان بۆ مـاڵی داڵدەدانی ژنـان بردووە. هەوڵم دا خۆم بگەیەنمە لایـان، مـاوەیەک لەگەڵیـان بژیم بۆ ئەوەی بـاشــــتر لە خۆیـان و لە ئـازارەکـانیـان

تێبگەم. هەر لەوێ لەژێر کـاریگەریی ئەو ژینگە و فەزایەی تێیـدا دەژین تابلۆکان بکێشمەوە و داوا لە خۆشیان بکەم ئازار و چیرۆکەکانیان بە ڕەنگ و هێڵ دەرببڕن و بۆ خۆیان تابلۆی ژیانی خۆیان وێنا بکەن. بەو هیوایەی کاریگەریی ئەرێنیان لەسـەر دابنێت. چەند جار سـەردانی بەرپرسـانی ئەو شـوێنەم کرد، بەڵام بە داخەوە هاوکار نەبوون و دەرفەتیان پێ نەدام. بەڵام باسکردن لەم بابەتە جگە لە وێناکردنی ئازاری ئەم ژنانە، لە بنەڕەتدا بۆ ڕۆحی خۆم پێویسـت بوو. ئەوە بوو بڕیارم دا هەر بە پشـت بەسـتن بە خەیاڵ و هەسـتی هاوئاسـا بوون (Sympathy همزاتپنداری) لەگەڵ ئەم ژنانە، دەسـت بە کێشـانەوەی ئەم کۆمەڵە تابلۆیە بکەم. ئەگەرچی ئیسـتاش مەراقی تاقیکردنەوەی ژیان لەنێو کەشـی ئەو پەناگەیەدا بەرینەداوم و زیاتر هەوڵدەدەم ڕەزامەندیی بەرپرسـان وەرگرم، لەبەر ئەوەی بە دڵنیاییەوە هەڵسوکەوتی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەم ژنانە بەرهەمی ڕەسەنتر و مانادارتری لێ دەکەوێتەوە.



ڕەنگی ئەکریلیک و خەلوز لەسەر کانڤاس ٢٠١٩، ١٥٠ بە ٢٠٠ کۆمەڵە بەرهەمی ماسی و ژن

لە دارِشـــتنی ئەم تـابلۆیـانەدا لە موتیفی مـاســـی وەک هێمـایەک کەڵکم وەگرتووە. ماســـی و ژن لە تابلۆکاندا هاودەمن. لە کارە ســـەرەتاییەکاندا ماســی ســوور لە دارِشــتنەکاندا زاڵە. ماســی بەگشــتی و ماســیی ســوور بەتـایبەتی لە کۆنەوە و لە کولتوور و ئایینە جۆراوجۆرەکـاندا وەک هێمـای ژیان، سـەرکەوتن، شـادی، گەشـە و خۆشـەویستی پێشـاندراوە. هەموو ئەمانە ئەو ئـاواتـانەن مرۆڤ بەدرێژاییی ژیـانی لەدوای وەدیهێنیـانە. وێڕایی بەکارهێنانی ئەم هێمایە، ڕەنگەکانیش گەشتر و زیندووترن.



ڕەنگی ئەکریلیک لەسەر کانڤاس، ٢٠١٩، ٤٠ بە ٦٠

\



ڕەنگی ئەکریلیک و خەلوز لەسەر کانڤاس ٢٠١٩، ١٥٠ بە ٢٠٠

بەرە بەرە تـا بەرەو کـارە کۆتـاییەکـان بچی ڕەنگەکـان تـاریکتر دەبن و ئێسکبەندی ماسی شـوێنی ماسـیی سـوور دەگرێتەوە. سـەرەتا لە تابلۆکاندا هیوایەک هەیە بۆ ژیان، گەشـــبینییەکی ڕێژەیی هەیە. هێشـــتا هیوایەک بۆ وەدیهێنانی خەونەکان هەیە. بەڵام زۆربەی ئەو ژنانەی لەم دۆخەدا دەژین، تووشــی خەمۆکی دەبن. هەندێکیان تا ڕادیەک لە دەســت نەهامەتییەکانیان

وەتەنگ دێن و ڕووو دەکەنە خۆکوشـــــتن. لەم وێنانەدا هەوڵم داوە ســـــاتە کەسی و تەنیایی و بێدەرەتانیی ئەم ژنانە پێشانبدەم.

## کۆمەڵەبەرهەمی (هەورییەکەی دایکم)

ئیسـتاش کۆمەڵە تابلۆیەکم لە بەردەسـتە کە سـاڵی ٢٠١٧ دەسـتم پێ کرد و ئێســـــتا دووبارە کاری لەســـــەر دەکەمەوە.ئەم تابلۆیانەش وەک زۆربەی کارەکانی پێشــترم باس لە هەســت و شــوناســی ژن بە تایبەت ژنی کورد دەکەن. ناوی ئەمانە (هەورییەکەی دایکم)ە. بیرۆکەی ئەم تابلۆیانە لەوەوە سـەرچاوەی گرت کە دەمهەویست دایکم کە هەردەم پشتیوانم بووە و هانی داوم خۆم بم و لە کارەکەم بەردەوام بم، بهێنمە ناو تابلۆکانم. وەک زۆربەی کارەکانی پێشـــــووترم بابەت و ناوەڕۆکی تابلۆکان ژن و تێڕامانەکانی لە خود و ژیـانە. هەوریم وەک مـاتریـاڵێک هەڵبژارد کە پەیوەنـدیی بە ژیـانی دایکم و زۆربەی ژنانی کوردەوە هەیە. لە زۆربەی بیرەوەرییەکانی منداڵیمدا دایکم ئەم کراسـە هەورییەی لەبەردایە. دوای چەند سـاڵێک کراسـەکەی کۆن بوو  و ویستی فڕێی بدات بەڵام من هەڵمگرت و لەبەر فیگەری ناو تابلۆکانم کرد. لە ڕوانینی منەوە هەر شتێکی بێگیان ئەگەر بۆ ماوەیەک لەگەڵ کەسێک بێت دەبێتە بەشـــێک لەو مرۆڤەو بەشـــێک لە ڕۆح و بوونی ئەو کەســـە لە خۆیـدا هەڵـدەگرێت. لەبەر ئەوەی بە درێژاییی ئەو مـاوەیەی لەگەڵی بووە شـایەتی سـاتە خۆش و ناخۆشـەکان و هاوبەشـی هەسـتەکانی بووە. کاتێک لەم تابلۆیانەم دەڕوانم خەیاڵی ئەو هەســـتە خۆش و ناخۆشـــانەی دایکم و هەورییەکەی هەڵمدەگرێ.

 

ڕەنگی ئەکریلیک و هەوری لەسەر کانڤاس ٢٠١٧، ٩٠ بە ١٣٠ کومەڵەبەرهەمی(هەورییەکەی دایکم)

## هونەری فێمینیستی

دەرکەوتن یان دەسـتپێکی هونەری فێمینیسـتی هاوکات لەگەڵ جووڵانەوەی فێمینیسـتی و بە ماوەیەکی کورت دوای سـەرهەڵدانی هونەری هاوچەرخ هۆکارێک بوو ژنان چیدیکە خۆیان بە پاشـکۆی پیاوان نەزانن. هەوڵ بدەن یان باشترە بڵێین شەڕ بۆ ئەوە بکەن ئەو غەدرەی بە درێژاییی مێژوو لێیان کرابوو، بخەنە ژێر پرسـیار و بەرنگاری ببنەوە. لە هونەریشـدا وەک بوارەکانی دیکەی ژیان هەموو کات ژنان وەک ئۆبژەیەک لێیان دەڕوانرا کە تەنیا ئەرکیان هەڵسـوکەوتی بەدڵی پیاوان یان جوان بوون و چێژدان بە پیـاوان بوو. تەنـانەت زۆربەی ژنـانیش لە ڕووی بێئـاگـایی و بە هۆی پەروەردەی هەڵەوە بڕوایان بە ئەم شـێوازی بیرکردنەوەیە هەبوو و خۆیان لە ڕوانگە و گۆشـەنیگای پیاوانەوە هەڵدەسـەنگاند و هەموو هەوڵیان ئەوە بوو بەدڵی پیاوان بن. بەڵام هەوڵ و چالاکییەکانی ژنانی ئازاد و سـەربەخۆ کە بڕوایان بە خۆیان و تواناییەکانیان هەبوو لە کۆمەڵگەدا بەگشـتی و

بەتایبەتی لە دنیای هونەردا بووە دەســـتپێکی وەرچەرخانێکی بنەڕەتی. بەر لەم بزووتنەوەیە توانایی ژنانی هونەرمەند دانی پێدانەدەنرا. ئەگەرچی ژنان بە درێژاییی مێژوو بەرهەمی هونەرییـان خوڵقانـدووە، بەڵام تەنیـا نـاوی پیاوان و لە لایەن پیاوانەوە تۆمار کراون. "ئارتمیســـیا جێنتلیســـکی"ی نیگارکێشـی سـەردەمی بارۆک نموونەیەکە لەو ژنە هونەرمەندانەی هونەر و داهێنانەکەیان لە لایەن پیاوانەوە دەســتی بەســەردا گیرا. ئەم هونەرمەندانە بەگشتی لەژێر دەستی پیاوێکی بنەماڵەکەیان کاریان دەکرد و بەرهەمەکانیان یان بە ناوی پیاوانی بنەماڵەیان دەناســـرانەوە یان بۆ ئەوەی بفرۆشـــێن ناسناوی پیاوانەیان بۆ بەکار دەهێنرا.

تەنانەت لە ســـەردەمی مۆدێرنیشـــدا ســـەرەڕای تەواوی گۆڕانگاری و پیشـــکەوتنەکان هەڵاواردنی ڕەگەزی لە هونەردا هەر بەردەوام بوو. ژنە نیگارکێشـــی ئیمپرێشـــنیســـت "بریت مۆریســـۆ" کە یەکێک لە پربەرهەمترین نیگارکێشانی گروپی ئیمپرێشنیستەکان بوو، بە هۆی ڕەگەزییەوە نکۆڵی لێ دەکرا. یان یەکەمین نیگارکێش بە شـێوازی ئابستراکت کاری کردبێت ژنێکی ســـویدی بە نـاوی "هێلمـا ئێت کلینت" بوو، بەڵام ئەمەشـــیان هەر وەک داهێنانێکی پیاوانە تۆمار کراوە.

بەر لە بزووتنەوەی فێمینیســـتی و هەوڵەکانیان تەنیا بەرهەمی هونەریی پیاوان ڕێزی لێ دەگیرا و وەک هونەری باڵا باســـی دەکرا. لە ســـەرەتای سەرهەڵدانی هونەری فێمینیستیدا کە شەپۆلی یەکەمی هونەری فێمینیستیشی پێ دەگوترێت، ژنانی وەک "ئیڤا هانس" و "لویس بۆرگێس" و چەندین ژنی دیکە بە وردبوونەوە لە شـــوناســـی ژن و وێناکردنی بوێرانەی ئەزموونە تایبەتییەکانیان، هەروەها بە تەکنیک و فۆرمی ڕەســـەن و داهێنەرانەیان ســـەلماندیان ژنانیش دەتوانن لە داهێنانی هونەریدا پێشـــڕەو بن و لە دنیای

هونەردا هاوتای پیاوانن و زۆر کات داهێنەرتریشـن. پاش ئەو هونەرمەندانە یەکێـک لە کـاریگەرترین ڕووداوە پەیوەنـدیـدارەکـان بە ژنـان و هونەر لە حەفتاکانی سـەدەی بیسـتدا ڕوویدا. لەو سـاڵانەدا ئینسـتەلێیشـنەکەی جودی شـــیکاگۆ بە ناوی خوانی شـــەو یان The Dinner Party و هەروەها وتارەکەی "لیندا ناکلێن" و پرسـیاری وتارەکەی سـەبارەت بەوەی بۆچی لە مێژوودا بــاس لە هیچ هونەرمەنــدێکی مەزنی ژن نەکراوە، بووەنە دوو ڕووداوی گرینـگ کە لێکۆڵینەوە و بەهەنـد وەرگرتنی زیـاتری داهێنـانی هونەریی ژنانیان بە دوای خۆیاندا هێنا. دواتر کەســانێکی دیکەی وەک کچە گەریلاکــان(Guerrilla Girls) دژی هەڵاواردنی ڕەگەزیی بەگشـــتی و هەڵاواردنی ژنانی هونەرمەند و هەروەها ڕوانگەی ئۆبژێکتڤ ســەبارەت بە ژنـان نـاڕەزایەتییـان دەربڕی، هەروەهـا چـالاکییەکـانیـان جموجۆڵی زیـاتری خستە نێو هونەری هاوچەرخ  کە تا ئەو کاتیش هەر پیاوان تێیدا باڵادەست بوون و گرینگی زیـاتر بە بەرهەمەکـانیـان دەدرا. بە چـاوخشـــاندنێک بە مێژووی کورتیی بزووتنەوەی فێمینیســـتی لە دنیـای هونەردا بەڕوونی کاریگەرییان بۆمان دەردەکەوێت. بەڵام ئەم بزووتنەوەیە هێشـتا بە ئامانجە سەرەکییەکەی نەگەیشتووە و ژنان هێشتا پێگەی شیاویان لە دنیای هونەردا وەدەست نەخستووە. وەک چۆن سەرەتای سەرهەڵدانی هونەری فێمینیستی هاوکاتە لەگەڵ خەباتی ژنان بۆ وەدەســـتخســـتنی دادپەروەری لە هەموو بوارەکانی دیکەدا، تا کاتێک ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا مافی هاوتای پیاوانیان نەبێت، هونەری فێمینیستیش هەر دەمێنێت.

ســەبارەت بە کارەکانی خۆم بێگومان ڕەگەز کاریگەریی لەســەر شــێوەی کارکرن و بابەت و نێوەڕۆکی کارەکانم هەیە. ئەمە بە ئەنقەسـت نییە بابەتی ســـەرەکیی زۆربەی تـابلۆکـانم ژنە. هیچ کـات هەوڵی ئەوە نـادەم بۆ

پێناسەکردنی کارەکانم یان گونجاندنیان لە چوارچێوەی هونەری فێمینیستیدا بەرهەمم هەبێت. من ئەوەم کە لە تابلۆکانمدا دەردەکەوێت. ئەگەر وەک هونەری فێمینیستی پێناسە بکرێت، یان نا کێشە نییە. دەربارەی ئەو پرسیارە کە ئەم جۆرە لە هونەر چۆن خزمەتی بە دۆزی ژنان و یەکسانیی جێندەری دەکات؟ لەوانەیە نیگارکێشان و باسکردن لە ژن لە تابلۆکاندا کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر باشتربوونی بارودۆخی ژنان بە ڕێژەیەکی بەرچاو یان دابینکردنی یەکسانی بۆیان نەبیت، بەڵام خودی کردارەکە و کارکردن و خۆدەربڕین لە بوارێکدا کە وەک زۆربەی بوارەکانی دیکەی پەیوەندیدار بە داهێنان، بە هەرێمێکی پیاوانە ناسراوە، ڕێگایەکی بەرنگاربوونەوەی ئەم تێگەیشتنەیە کە بەرهەمی پیاوان بەرزتر دەنرخێنت و لەوانەیە دروستکردنی گۆڕانێک بێت بەرەو باش بوون.



ڕەنگی ئەکریلیک لەسەر کانڤاس، ۲۰۲۰، ۱۱۰ بە ۱۰۰

## مامەڵەکردن لەگەڵ فۆڕمدا

فۆڕم یان ڕواڵەتی گشـــتیی تابلۆ یان ئەوەی لەســـەر پانتاییی تابلۆ بە چاو دەبینرێت لە نیگارکێشـــاندا لە چەند توخمی ســـەرەکیی وەک هێڵ، ڕەنگ، شـــێوە و داڕشـــتن پێک دێت. هەر یەک لەم توخمانە وێڕای ئەوەی مانای جیاوازیان هەیە، دەتوانن هەستی جیاواز بۆ بینەر بگوازنەوە، یان هەستێکی تایبەت لە بینەردا بورووژێنن. بۆ نموونە هێڵی شـکاو یان هێڵی لارهەسـتی ناجێگریی و شـڵەژان یان تووڕەی و شـێوان پیشـان دەدات. هێڵی چەماوە هەستی ئارامی و جێگیری دەردەخات.

ڕەنگیش بە هەمـان شـــێوە. ڕەنگی ســـوور هێمـای خرۆشـــان، وزە، خۆشـەویسـتی، هێز، شـەڕ، مەترسـی و توندوتیژییە. بەپێچەوانەوە شـین هێمـای ئـاشـــتی، ئـارامی، جێگیری وهـارمۆنییە. بینەر لە دوای دیتنی ئەو توخمانە و ئەو کاریگەرییەی لە سەری دادەنێن مانا و ناوەڕۆکی بەرهەمەکە لێکدەداتەوە.

نیگـارکێش بە هەڵبژاردنی ئەو توخمە گونجـاوانەی لە کۆتـاییـدا فۆڕمی بەرهەمەکە پێکدێنن، دەتوانیت ئەو بابەت یان ناوەڕۆکەی لە هزر و هەستیدا هەیە، سـەرکەوتووانەتر وێنا بکات و مەبەسـتەکەی باشـتر بپێکێت و کرۆک یـان ئـامـانجی بـابەتەکە بۆ بینەر بگوازێتەوە. واتە پەیوەنـدییەکی دانەبڕاو لەنێوان فۆڕم و ناوەڕۆکدا هەیە و ئەم دووانە تەواوکەری یەکترن.

لە پەیوەنـدیی لەگەڵ بەرهەمەکـانی خۆمدا ئەگەرچی بە هۆی خوێنـدنی ئاکادیمییەوە زانیاریم لە ســـەر توخمە هونەرییەکان و تایبەتمەندییەکانیان هەیە، بەڵام ئەوەی زیاتر پشتی پێ دەبەستم غەریزەیە، لەبەر ئەوەی بە ڕای من بەبێ خوێندنی زانسـتیی هێڵ و رەنگیش مرۆڤ بە شـێوەیەکی غەریزی

لە ڕەگەزەکانی پێکهێنەری کاری هونەری تێدەگات. هۆکارەکەشـــی ئەوەیە هەمان ئەو ڕەگەزانە لە ســـروشـــتدا هەن و لە زەینی تاکدا جێگیر بوونە. زۆربەی ئەو هونەرمەندانەی بە پشـــتبەســـتن بە ئەزموونی کەســـی و غەریزەییان کاری هونەرییان کردووە، ڕەســـەنترین بەرهەمیان خوڵقاندووە. جا هەر لەبەر ئەم هۆکارەشـــە لە زۆربەی بەرهەمەکانمدا گوێ دەدەمە هەســـتەکانم و لێیاندەگەڕێم ئازادانە فۆڕمەکانم بۆ دیاری بکەن. بەر لەوەی دەست بە کێشانەوە بکەم لە زەینمدا بابەت(نێوەڕۆک) و فۆڕم کە بەیەکەوە گرێدراون، هاوکات دروســـت دەبن. نێوەڕۆک و فۆڕم بە یەک ڕادە بیرم ســـەرقاڵ دەکەن. هەموو کات فۆڕم هاوتەریب لەگەڵ نێوەڕۆک لە خەیاڵمدا دروســت دەبێ. بەڵام کاتێک فڵچە هەڵدەگرم و دەســت بە بەرجەســتەکردنی خەیاڵم دەکەم، زۆر خۆم بەو فۆڕمەی لە زەینمدایە نابەســـتمەوە و ئازادانە خۆم دەردەبڕم. کاتێک توورڕم، یان ئارامم، یان ســـەرلێشـــێواوم، بێ ئەوەی خۆم بمهەوێت، واتا بە شـــێوەیەکی ناخودئاگایانە جۆری هێڵ و ڕەنگ و تێکســـچەر و تەنانەت ماتریاڵیش دەکەونە خزمەتی هەســـت و نەســـتم و نێوەڕۆک لە فۆڕمێکی ڕەســـەندا دێتە ســـەر تابلۆ. هەســـت دەکەم هەر ئەم ســـەربەســـتییەشـــە بووەتە هۆکاری ئەوەی لە زۆربەی نیگارەکانمدا لەدوای تەواوبوونیان بینەر بە ســـانایی لە هەســـتی من وەک بەدیهێنەری تابلۆ تێدەگات.



ڕەنگی ئەکریلیک لەسەر کانڤاس، ٢٠٢١، ١١٠به ١١٠

## بینەر، بەردەنگی نیگارکێشی

هیچکات بیر لەوە ناکەمەوە تابڵۆکانم بۆ چ جۆرە بەردەنگێکە. لەوانەشە هەر ئەمە هۆکار بێت ناتوانم بەپێی داوای کەسانی دیکە و بەدڵی ئەوان نیگار بکێشمەوە و بیکەمە سەرچاوەی داهاتی مادی. وەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد یەکەم بەردەنگی کارەکانم خۆمم. دوای تەواوبوونی هەر تابڵۆیەک، کاتێک دەست لە کار هەڵدەگرم و پێم وایە بەرهەمەکە کامڵ بووە، ئەگەرکاریگەریی لەسەر خۆم دانێت، ئەوە پێم بەرهەمێکی باشە و زۆربەی

کات کە بەرهەمە کۆتاییيەکە بەدڵی خۆم بێت و بە ڕای خۆم لە وێناکردنی ئەوەی لە خەياڵمدا بووە ســــەرکەوتوو بوومە، ئەوە بینەریش ئاســــانتر پەيوەندیی لەگەڵ دەگرێت. ســــەرەڕای ئەوەی گرینگیی زیاتر بە ڕازیبوونی خۆم لە بەرهەمەکەم دەدەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەست دەکەم سروشتی کارەکانم بەجۆرێکە بینەران بە بەکگراوندی فیکریی جیاوازەوە دەتوانن تا ڕادەیەکی کەم یان زۆر پەيوەندییان لەگەڵ بگرن. لەبەر ئەوەی نێوەڕۆکی زۆربەی تـابلۆکـان ئـازار و خوليـا هـاوبەشــــەکـانی مرۆڤەکـانن. ئەگەر تێنەگەیشــتنیش هەبیت ئاســـاییە. وەک بینەرێک لە یەکەم پیشـــانگام وتی تـابلۆکـان بەجۆرێکن بینەر هەم لێیـان تێدەگـات و هەم لێیـان تێنـاگـات. بۆ خۆشم هەر بەم شێوەیە لێیان دەڕوانم و لەگەڵی هاوڕام. هەموو کات شتێک لە تابڵۆکاندا هەیە، بۆ خۆشـم لێی تێناگەم. سـەرەتا وام دەزانی ئەوە خاڵێکی لاواز و نەرێنییە، بەڵام دوایی هاتمە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەوە ڕەنگدانەوەی سـروشـت و تێگەیشـتنی خۆمە. خۆشـم زۆر جار لە خۆم تێناگەم. زۆر جار تووشی سەرلێشوان دەبم. ئەمەش زۆر ئاساییە و بەرهەمی ڕەسەن (ئەگەر سـەرکەوتوو بووبم لە بەرهەمهێنانیدا) پێویسـتی بە ڕاسـتگۆییە. پێش هەموو کەس ڕاســتگۆبوون لەگەڵ خۆم و هەســت و تێگەیشــتنەکانم، ئێســتا بۆم ئـاســــاییە جگە لەو پرســــیارانەی لەدوای دیتنی تـابلۆکـانم لە لای بینەر دەوروووژێن، بۆ خۆشـم زۆر پرسـیارم بۆ دروسـت ببێت. وەک پێشـتر باسـم کرد لە کاتی نیگارکێشــــاندا ئازادیی خۆدەربڕین ســــەرەکیترین ئامانجمە. لەبەر ئەوەی وەک سروشتی تاکەکەسی مرۆڤێکم کەم دەدوێم. هۆکارەکەشی یان ئەوەیە کە من تواناییی خۆدەربڕینێکی ئازادانەم بە وشــــەکان نییە یان هەندێک بابەت هەیە وشــە لە باس کردنیان بێ توانایە، بەڵام کە دەســت بە وێناکردن دەکەم هەسـت بە سـەربەسـتییەک دەکەم ئاسـتەمە بە وشـە باس

بکرێت. سەبارەت بەوەی کە بەردەنگی کورد وەک ڕەخنەگر تەماشا دەکەم، پێویســـتە ئاماژە بە چەند شـــت بکەم . هونەری شـــێوەکاریی مۆدێرن و هاوچەرخ ئێستاش بە لای زۆرینەی خەڵکی کوردەوە شتێکی نوێ و نامۆیە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەیە ســـەرەڕای ئەوەی ژیانی مرۆڤی کورد لە کۆنەوە ئاوێتەی هونەر بووە، بەڵام بەهۆی ناســـەقامگیربوونی ژیانی بە ناچاری لێی دابڕاوە و دواتر بەتایبەت لە هەرێمی کوردســـتان بە هۆی ســـەقامگیرێکی ڕێژەییەوە کتوپڕ هونەری شـــێوەکاری لە وڵاتانی ڕۆژاواوە هێنرا و بێ ئەوەی هیچ پێشـــینەیەک و ڕوونکردنەوەیەک لەبارەی ئەم شـــێوازە هونەرییانەوە بکرێت، خرایە بەرچاوی بینەر. هۆکارێکی دیکەی گرینگی نەدان بە پەروەردەی هونەرییە، ئیســـتاش لە زۆربەی قوتابخانەکان هونەر وەک وانەیەکی لاوەکی لێی دەڕوانرێت. هەوڵێک بۆ ناســـاندنی هونەر و گەشـــەپێدانی تواناکان لەم بواردەدا نادرێت. بەڵام کەمینەیەکیش لەنێو بینەرانی بەرهەمە شێوەکارییەکان هەن بە پشت بەستن بە خۆیان لە ڕووی هونەرییەوە خۆیان پەروەردە کردووە و زۆر جار ڕەخنەکانیان بەســـوود بوون.



ڕەنگی ئەکریلیک، خەڵوز و هەوری لەسەر کانڤاس، ٢٠٢١، ٨٠ بە ١٠٠

## هونەری هاوچەرخ و نیگارکێشان

یەکێک لە ئامانجە سـەرەکییەکانی هونەری هاوچەرخ ڕزگارکردنی هونەر لە چەنگ مێدیۆمە کۆنەکانی بەرهەمهێنانی هونەر بوو. نیگارکێشـــانیش کە مێدیۆمی نەریتی بەرهەمهێنانی هونەری بوو، ئامانجی ســـەرەکییان بوو. بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵەکان وێنەکێشان پێگەی خۆی هێشتا لە دەست نەداوە و وەک ئامرازێکی سەرەکیی داهێنانی هونەری کەڵکی لێوەردەگیرێت. وێنەکێشـــان بە درێژاییی مێژوو چەندین قۆناغی جیاوازی تێپەڕاندووە و گۆڕانکاریی زۆری بەســـەردا هاتووە. لەماوەی نزیک بە دووســـەت ســـاڵی ڕابردوو باس لە "مەرگی نیگارکێشان" وەک مێدیۆمێک کراوە. سەرەتای ئەم باســـە بۆ داهێنانی کامێرای فۆتۆگرافی لە ســـاڵی ١٨٣٠ دەگەڕێتەوە. بەڵام بەپێچەوانەوە، ئەم داهێنانە نەبووەتە هۆی مەرگی نیگارکێشان وەک مێدیۆم. داهێنانی فۆتۆگرافی، کرداری نیگارکێشانی لە ئەو ئەرکەی  پێیسپێردرابوو، ڕزگاری کرد. پێش داهینانی کامێرا نیگارکێشـــان نەیتوانیبوو خۆی لە چوارچێوەی دووبارەکردنەوە و لەبەرگرتنەوەی ڕاســـتەخۆی ســـروشـــت دەرباز بکات و بووبوو بە کەرەســـتەی تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکان یان وێناکردنی چیرۆکی ئاینی و ئەفســـانان. کامێرای فۆرتۆگرافی ئەم ئەرکەی لەســـەر شـــانی هونەرمەندان هەڵگرت. بوو بە هۆی وەدیهاتنی ڕێبازی هونەری وەک ئیمپرێشنیزم و پۆست ئیمپرێشنیزم کە هونەرمەندانی ســـەر بەم بزووتنەوەیە ســـەربەســـتانە دەســـتیان بە تاقیکردنەوەی ڕەنگ و لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی ڕووناکیی بە ســـەر ڕەنگدا کرد، هەروەها لە هەڵبژاردنی بابەتی نوێی ئازادتر بوون. لەدوای ئەمانە فوڤیستەکان، بەتایبەت "هێنری ماتیس" ڕەنگ و فۆڕمیان لەو ڕۆڵە نەریتییەی پێ درابوو ئازاد کرد

و ژیانێکی نوییان به هونەری نیگارکێشاندا. پاش ئەوان ئیکسپرێشنیستەکان وێنەکێشـــــانیـان کرده ئـامرازێکی دەربڕینی ئـاڵۆزییه ســــیـاســــی و کۆمەڵایەتییەکانی ســـەردەمی خۆیان. واته لەم قۆناغەدا داهێنانی فۆتۆگرافی نەیتوانی هونەری نگارکێشان لەنێو ببات.

باســـی مەرگی وێنەکێشـــان جارێکی دیکه به نمایشکردنی ڕێدی مێیدەکانی "مارسێل دۆشـان"(Marcel Duchamp ) دەسـتی پێ کردەوه. دۆشـان به ئینســــتەلێیشــــنێک که له لکاندنی تایەیەکی پاســـکیل و ســــتوونێکی دارین دروسـتی کرد به گژ پێناسـه کۆنەکانی هونەردا چووه. دۆشـان بەو کارەی کارامەبوون له بواری نیگارکیشـــان یان باشـــتره بڵێین پێویســـتیی بوونی "سکێڵ"ی وەک پێداویستییەکی بەرهەمهێنانی هونەر و هونەرمەندبوون برده ژێر گومان و گرینگی زیاتری به کۆنســــێپت له بەرهەمهینانی هونەریدا و ســــەرەتای هونەری هـاوچەرخی دامەزراند. تەواوی مێدیۆم و مـاتریاڵ و هەروەها یاسـاکانی جوانیناسـی خسـته ژێرپرسـیار. بەڵام به ماوەیەکی کەم دوای ئەم داهێنانەی دۆشان، سوریالیزم له وێنەکێشاندا سەری هەڵدا. دواتر ئەبســـتراکت ئیکســـپرێشـــنیزم و دوای ئەوه نیۆئیکســـپرێشـــنیزم و چەندین بزووتنەوه و شـێوازی دیکەی گرینگ له دنیای هونەردا سـەریان هەڵدا. ئەمه له حـاڵێکدا بوو که هونەری چەمکی و پێرفۆرمێنس ئـارت هـاوکـات لەگەڵ شــــێوازه نوێیەکانی وێنەکێشـــــان خەریکبوون گەشـــــەیان دەکرد. کەواته ئەگەرچی هونەری هاوچەرخ به شـکاندنی بەربەسـتەکان و لادان له نۆرم و یاســاکانی جوانیناســی دەســتی هونەرمەندی له داهێنانی هونەریدا کراوەتر کرد و دەرفەتی داهێـنـانی زیـاتری پێـدان، بەڵام نەیتوانی به یەکجـارەکی وێنەکیشــان لەنێو ببات. تەنانەت هەندێک له هونەرمەندانی هاوچەرخی وەک

"ترێیســـی ئێمن" له دوای کارکردن له بواری ئینســـتەلێیشـــن له تازەترین پێشانگایدا کە ئەمساڵ بەڕێوە چوو، تابلۆی نیگارەکانی نمایش کرد.



ڕەنگی ئەکریلیک لەسەر کانڤاس، ٢٠٢٠، ١٠٠ بە ١٥٠

## بەپیشەییبوونی هونەری شێوەکاری

ژمارەیەکی کەم لەو کەســـانەی کاری شـــێوەکاری دەکەن دەتوانن بیکەنە پیشـــەیەک و داهاتی مادی بۆیان هەبێت. تەنات لە وڵاتانی ڕۆژاوایش کە بازاری هونەر چالاکە و ســـاڵانە میلیۆنان دۆلار بۆ کڕین و فرۆشـــتنی بەرهەمە شـیۆەکارییەکان خەرج دەکرێت، هێشـتاش ژمارەی ئەو کەسـانەی لەو بازاڕەدا ســـەرکەوتوو دەبن بە بەراورد لە گەل ژمارەی گشـــتیی ئەو کەسـانەی لەو بواردە کار دەکەن، زۆر کەمە. کردنی بەرهەمی شـیۆەکاریی بە سـەرچاوەی داهات بۆ زۆربەی هونەرمەندان کارێکی ئاسـان نییە، ئەوەی

له بازاڕی هونەر و بەگشـــتی له مارکێتینگ شـــارازا بێت و بتوانێت لەو بازاڕەدا خۆی بناســـێنیت یان له لایەن فرۆشـــیاران و کیورێترەکانەوه ســـەرنجی بدرێتێ دەکرێ بڵێین بەخت ڕووی تێکردووه و دەتوانێت له داهێنانەکانی دەســـتکەوتی مادی هەبێت. بەڵام له کوردســـتان که بازاڕی هونەری نییه یان زۆر لاوازه شـێوەکاری ناتوانێت ببێته پیشـه. لەبەر ئەوەی بەرهەمی هونەری له لایەن خەڵکەوه داواکاری لەســـەر نییه که ئەمه یەکەم مەرجی مـارکێتینگه. هۆکـاری ســـەرەکیی نەبوونی داواکـاریش نەبوونی زانیاری و لاوازیی پەروەردەی هونەری له کۆمەڵگەدایه.

لەو وڵاتـانەی بـازاڕی هونەرییـان گەرمه ئەگەر هونەرمەنـد هەوڵ بـدات دەتوانێت هونەرەکەی بکاته سـەرچاوەی داهات. بەڵام ئەوه شـتێکی ڕووەنه که  له کوردســـتـان بـازاڕی هونەرمـان نییه. دەکرێ بڵێین گەلەری و کیورێیتێری هونەریمان هەر نییه. ئەگەر گەلەرییەکیش هەبێت ئەوه بینەری بەو ڕێژەیه نییه، لەبەر ئەوەی کـات دانـان بۆ چوونه گەلەری و دیتینی بەرهەمی شـێوەکاری نەبووەته کولتوور. ئەگەر بینەریش هەبێت که ڕێژەی زۆر کەمه، کەم کەس هەیه بەرهەمەکان بکڕێت. ئەوەی من تێبینیم کردبێت لەناو بینەری کاری هونەری له کوردستان دوو جۆره بینەر هەن. جۆرێکیان که زۆرینەن، ئەوانەن توانـای کڕینی بەرهەمەکانیـان هەیه بەڵام له بـایەخی کارەکان تێناگەن و پێیان خەسـاره ئەو بەرهەمانه بکڕن. ژمارەیەکی کەمیش له بینەران له بایەخی بەرهەمەکان تێدەگەن و پێیان خۆشـــه ببنه خاوەنی بەرهەمەکان بەڵام توانـای مـادییان لەو ئاســـتەدا نییه بتوانن بەرهەمەکان بکڕن. ئەمانه چەند هۆکاریی سەرەکیین بووەنەته ڕێگر و وای کردووه تەنیا ژمـارەیەکی کەم له هونەرمەدانی کورد له بەپیشـــەییکردنی هونەرەکەیاندا ســـەرکەوتوو ببن. ئەم ژمـاره کەمەش که ســـەرکەوتوو دەبن زۆربەیـان

بازاڕی بەرهەمەکانیان لە وڵاتانی دیکەیە یان باشـــترە بڵێم کڕیارەکانیان خەڵکی بیانین. ئەگەرچی لەم چەند ســاڵەی دواییدا بازاڕی ئۆنلاین دەرفەتی بە هونەرمەندان داوە بەرهەمەکانیان بە بینەری زیاتر پیشان بدەن بەڵام لەو جیهانە مەجازییەشدا سەلیقەکان هەمان سەلیقەی دنیای واقعین. هەمان ئەو کێشانەی لە بازاڕی هونەریی دنیای واقعیدا هەن، لەوێش هەن.



رەنگی ئەکریلیک لەسەر کانڤاس، ٢٠٢٠، ١٠٠ بە ١٥٠

## هونەر و سیاسەت

لەو ڕوانگەیەوە کە سیاسەت کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی ڕۆژانە و چارەنووس و داهاتووی جیهان و مرۆڤان هەیە و ئەم پەیوەندییە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چڕتر دەبێت، هەروەها لەو ڕوانگەیەوە کە سەرەتاییترین مەبەستی هونەر پەیوەندیگرتن و دەربڕینی هەست و ئازارە، دەکرێت بڵێین "هەموو ئەکتێکی هونەری سیاسیشە".کاریگەریی بڕیار و کردەوە سیاسییەکان لەسەر ژیانی مرۆڤ تا ڕادەیەکە، تەنانەت کاریگەریی لەسەر ئەو هەوایەش هەیە هەڵیدەمژین و پێی دەژین. بۆ نموونە ئەو کارەساتانەی مرۆڤ لەم ڕۆژانەدا بە هۆی گۆڕانی کەشوهەوا دەستەوئێخەیەتی، دەرئەنجامی سیاسەتە. سیاسەت کار لە ڕۆح و هەستی مرۆڤ دەکات و تاکەکان لە سۆنگەی ئەو بارودۆخەی بە هۆی سیاسەت و بڕیارە سیاسییەکان بۆیان دەخوڵقێندرێت لە ژیان دەڕوانن. کەواتە هونەرمەندیش بەرهەمی دەوروبەر و ژینگەکەیەتی و لەوانەیە بێئەوەی مەبەستی بێت و بێئەوەی بۆخۆی هەستی پێ بکات، سیاسەت خۆی دەخزێنێتە نێو بەرهەمە هونەرییەکانی.

هونەر و سیاسەت پەیوەندیی مێژوویی کۆنیان هەیە. دەکرێت ئەم پەیوەندییانە بەسەر چەند جۆردا دابەش بکرێن. ئەگەر بگەڕێینەوە سەردەمی دروستبوونی یەکەم شارستانییەتەکان، یەکێک لە گرینگترین ئامانجەکانی بەکارهێنانی هونەر بریتی بوو لە دەستگرتن بەسەریدا بە مەبەستی کاریگەریی دانان لەسەر تاکەکان و ملکەچکردن و ژێردەستەکرنی کۆمەڵگەکان و پێداهەڵگوتن بە سیاسەتی پاشا و فەرمانڕەوایان. هاوکات لەگەڵ سەرەتای شارستانییەت مرۆڤ لە گرینگی هونەر وەک ئامرازێکی

پەیوەندیگرتن تێگەیشتووە و دەستەڵاتداران و حکومەتەکان هەوڵیان داوە خەڵک و هاووڵاتییانیان بە کەڵکوەرگرتن لەم ئامرازە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان. ئەم نموونە هونەرییانەی لە ئیمپراتوریەتەکانی مێزۆپۆتامیا بەردەستن، جگە لە بەهای جوانیناسییان ئامانج و ئەرکی سەرەکییان پڕوپاگەندە و برەودان بە دەستەڵاتی حاکمان بووە. نواندنی شکۆی پاشا و بەستنەوەی هێزیان بە خواوەندەکان و وزە مێتافیزیکییەکان، شەڕ و سەرکەوتن، داگیرکردن و سەرکەوتن بەسەر دوژمندا بابەتی سەرەکیی پاشماوە هونەرییەکانی ئەو سەردەمەن. نموونەیەکی سەرەتایی و گرینگی بەجێماو لەو سەردەمە بۆ کەسە لە دار دروستکراوەکەی شاری ئورە کە دیمەنی شەڕی ئەو سەردەمەی لەسەر نەخشێندراوە. ئەو بەرهەمە هونەرییە سەرکەوتنی سۆمەرییەکان لە شەڕدا و شکستی بەرهەڵستکارانیان و بەکۆیلەکردنیان و شکۆی ڕێبەرەکەیان پێشان دەدات. دەگوترێت سۆمەرییەکان لەگەڵ خۆیان دەیانبردە مەیدانی شەڕ و وەک ئاڵایەک بۆ وەبیرهێنانەوەی ئازایەتیی خۆیان و ترس خستنە دڵی دوژمنانیان هەڵیاندەدا. ڕەوتی کەڵکوەرگرتن لە هونەر وەک بەهێزترین ئامرازی پڕوپاگەندە لە قۆناغە مێژووییەکان تا ئەم سەردەمەش بەردەوامە. لە سەردەمی مۆردێرندا و لە ماوەی شەڕە جیهانییەکان و بەتایبەت شەڕی جیهانیی دووەم وڵاتانی جیاواز و حکومەتە فاشیست و دیکتاتۆرەکان مێدیۆمە جیاوازە هونەرییەکانی وەک فیلم، بیناسازی، پۆستێریان وەک ئامرازی سەرەکیی پڕوپاگەندە و ڕاکێشانی خەڵکی ئاسایی بۆ بەشداریی کردن لە شەڕ و بەرەوپێش بردنی مەرام و ئایدیۆلۆژیی خۆیان بەکار دەهێنا.

هاوکات لەگەڵ بەکارهێنانی هونەر لە بەرژەوەندیی دەستەڵاتدا، هونەر وەک ئامرازی دەربڕینی ناڕەزایەتی بەکار هێنراوە. لە تەواوی بزووتنەوە و

سەرهەڵدانی کۆمەڵگەکاندا هونەر وەک چەکێکی بەهێز لە دژی سەرکوتکاری، نایەکسانی و توندوتیژی کەڵکی لێوەرگیراوە. لەو کاتانەدا هونەر ڕۆڵی کاریگەری لە بردنە ژێر پرسیار و دژایەتیکردنی دەستەڵاتداران و هەوڵی لادانی بەربەستەکان و ڕەخساندنی دەرفەتی دەنگهەڵبڕین لە جیاتیی ستەملێکراوان هەبووە. وەک چەند نموونەیەک لە دەریڕینی نارەزایەتی و ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی دەستەڵاتداران دەکرێت ئاماژە بە بزووتنەوەی ڕۆمانتیسم بکرێت کە هۆکارێکی سەرەکی سەرهەڵدانی دەربڕینی دژایەتی لەگەڵ شۆڕشی پیشەیی و سیاسەتی بەکارهێنانی زانست وەک ئامرازی دەستکاریکردنی سروشت بە مەبەستی بەرهەمهێنانی کاڵای زیاتر و دابڕاندنی مرۆڤ لە سروشت و لە ئەنجامدا لە ڕۆح و شوناسی خۆی بوو. یەکێکی دیکە لە دیارترین نموونەکانی تێکەڵاویی هونەر و سیاسەت بزووتنەوەی دژە شەڕی داداییەکان لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم بوو کە بە هۆی هەستیاربوونی کۆمەڵێک نووسەر و هونەرمەند سەبارەت بە لێکەوتە وێرانکەرەکانی شەڕ بنیاتنرا و بە زمانێکی زبر ڕەخنەی لە بارودۆخی خوڵقیندراو بە هۆی سیاسەتە هەڵەکانەوە گرت. تەنانەت لە هونەری هاوچەرخیشدا ئەو هونەرمەندانەی لە بەرهەمەکانیاندا زیاتر باس لە بابەتی سیاسی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەکەن، ناودارترن. (مارینا ئابرامۆڤیچ) کە یەکێک لەو هونەرمەندانەیە، ڕیشە و هۆکاری هەڵبژاردنی ژان و خوێن وەک تەوەری سەرەکی لە پێرفۆرمێنسەکانیدا دەرئەنجامی ئەزموونی ژیانی منداڵی لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی کۆمۆنیستی لە سلۆڤاکیا و پەروەردەبوون لە بنەماڵەیەکی سەر بە ئەم ڕژێمەدایە. (ئای وی وی) هونەرمەندی خەڵکی وڵاتی چین بە هۆی ڕەخنەگرتن لە گەندەڵی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن دەستەڵاتدارانی وڵاتەکەی لە جیهاندا

ناسراوە. (بەنکسی)، هونەرمەندی بەریتانی کە وەک چالاکڤانێکی دژی شەڕ، دژی کالاگەرایی، دژی فاشـــیزم و دژی داگیرکاری لە ڕێگەی گرافیتییە ڕەخنەگرانەکانی بەناوبانگ بووە.

بەرهەمی هونەرمەندانی کوردیش هەموو کات لەژێر کاریگەریی سیاسـەتدا بووە بەتـایبەت لەو ڕوانگەیەوە کە نەتەوەیەکین بە درێژاییی مێژوو دوژمنـانمـان لە هەوڵی لەنـاوبردنمـان و داگیرکردنی خـاکمـان و ئـاســـمیلەکردنمـان بوونە، هونەر یەکێک لە ئـامرازە ســـەرەکییەکانی بەرنگاربوونەوە بووە. لە هەموو پارچەکانی کوردســـتان هونەرمەندان لە ڕێگەی بەرهەمە هونەرییەکانیانەوە لە دژی دارگیرکەرانیان هەڵوێســـتیان هەبووە. لە باشـــووری کوردســـتان لە بواری شـــێوەکاریدا لە ســـەرەتای ســـەدەی ڕابردووەوە کە هونەرمەنـدانی ئەم نـاوچەیە لەگەڵ هونەری شێوەکاریی مۆدێرن ئاشنا بوون، بەرهەمەکانیان هەر لە سەرەتاوە مۆرکی ســـیاســـی پێوە دیارە. ئەم هونەرمەندانە کە لە حەفتاکانەوە بەرهەمەکانیان زیاتر تێکەڵ بە ســـیاســـەت بووە، بەم هۆیەوە کە زۆربەیان تاڵی شـــەڕ و کارەساتەکانیان چێشتووە و تەنانەت لە نێویاندا کەسانێک هەن پێشمەرگە بوونە، ســـیاســـەت بووەتە بەشـــێکی دانەبڕاو و تەوەری ســـەرەکیی بەرهەمەکانیان. ڕووداوە ســـیاســـییەکان بە شـــێوەی ڕاســـتەوخۆ یان ناڕاســـتەوخۆ لە بەرهەمەکانیاندا وێنا کراون. ئەگەرچی وەک نەتەوەیەکی دابەشـکراو شـێوازی ڕەنگدانەوەی سـیاسـەت لە بەرهەمی هونەرمەندانی هەموو بەشـەکانی کوردستان جیاوازە بەڵام لە هەموو پارچەکان پەرۆشیی سەرەکییان کێشە و پرسە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانیانە.



ڕەنگی ڕۆنی و برین پێچ لەسەر کانڤاس



ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس، ٢٠١٦، ٨٠ بە ٨٠



ڕەنگی ئەکریلیک لە سەر کارتۆن، ٢٠١٧، ٧٠ بە ١٠٠



ڕەنگی ئەکریلیک لەسەر کانڤاس، ٢٠٢٠، ٤٠ بە ٦٠




ڕەنگی ئەکریلیک لەسەر کارتۆن، ٢٠٢١، ٥٠ بە ٧٠



ڕەنگی ئەکریلیک لەسەر کانڤاس، ۲۰۲۱، ۸۰ بە ۱۰۰




ڕەنگی ئەکریلیک لەسەر کانڤاس، ۲۰۱۸، ۱٥۰ بە ۱٥۰